## قالەمەڕە

ئێستا کە ئەم بەشە دەنووسم حەوتوویەکە هونەرمەندی بەرپرسی گەلەکەمان مامۆستا قادر عەبدوڵڵا زادە (قالە مەڕە) لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کردوە و بە هاوکاریی هونەرمەند حەسەنی دەرزی و کاک عەتا موفتی و من، خەریکین کۆڕێک بۆ رێزگرتن لە هونەر و کەسایەتییەکەی لە لەندەن ساز بکەین و بڕیارە مامۆستا رەشیدی فەیزی نژاد و چەند هونەرمەندی دیکەش تێدا بەشدار بن.

قالەمەڕە، هاوڕێ لەگەڵ حەسەن زیرەک، دوو ئەستێرەی پڕ شەوقی ئاسمانی هونەری بۆکان و کوردستانن و مێژوونووسانی دواڕۆژ دەبێ بایەخی زۆر بە خۆیان و دەرەوەیان لە پەروەردە و زیندووڕاگرتنی هونەری کوردستان بدەن.

لام وایە قالەمەڕە دەبێت لە چەند گۆشە نیگاوە سەیر بکرێت :

1. **لایەنی هونەری** و شمشاڵژەنییەکەی، و بەگشتی شمشاڵ خۆی و ئەو مقاماتەی کە قالەمەڕە بە شمشاڵ ژەندوونی. ئەم کارە تەنیا بە کەسانێک دەکرێت کە شارەزای مۆسیقا و بەتایبەت شمشاڵن. هیوادارم مامۆستایانی وەک ئەنوەر قەرەداغی، ع. ج. سگرمە، دڵشاد سەعید، کامکارەکان، ئیقباڵ حاجبی و عەبباس کەمەندی بە ئەرکی هەڵسەنگاندنێکی ئەوتۆ هەستن. تەنیا بە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی شمشاڵە کە دەکرێت قالەمەڕە و هونەرەکەی و رادەی توانای بناسرێت.

2. **لایەنی کۆمەڵایەتی** : پێگەی چینایەتی (وەک رەشاییەکی ناو ئاواییەکی کوردستان) و ماڵان گەڕان و شار و دێ کردن، لەسەر شەقام شمشاڵ لێدان، (ئەو کارەی کە بە وتەی کاک عومەری حەمیدی، هاوچەشنە لەگەڵ "باسکرز" واتە ئەو هونەرمەندە گەڕاڵانەی وا لەسەر جادەکانی ئەورووپا بە گۆرانی و مۆسیقا خەڵک بەدەوری خۆیانەوە خەریک دەکەن(buskers). بەو تەعبیرە، نە بۆ قالەمەڕە سووکایەتیی بووە لەسەر شەقامەکانی بۆکان شمشاڵ بژەنێ و خەڵک پووڵ و پارەی بدەنێ، نە بۆ خەڵکەکە شەرمەزارییە کە بۆچی ژیانی هونەرمەندێکی ئەوتۆیان دابین نەکرد و مەجبوور بوو لەسەر جادە و شەقام مۆسیقا بۆ خەڵک بژەنێت. ئەوە پەیوەندی قووڵی نێوان قالەمەڕە و خەڵکەکەی دەگەیێنێت کە نەیدەویست ببێتە "بورجی عاج" نشین و لە خەڵک داببڕێت واتە وەک هەندێک گۆرانی بێژمان دەفترو ئۆفیس و سکرتێری هەبێت. بۆ ئەو پەیوەند لەگەڵ خەڵکە ئاساییەکە گرنگ بوو و ئەوەش تەنیا لە رێگەیەکی وەهاوە گونجاو دەبوو.

3. **لایەنی نەتەوەیی و بەرپرسایەتی سیاسی** : قالەمەڕە تا مۆخی ئێسقان کورد بوو، لە هەرکوێ شمشاڵی لێ بدایە، بە بۆنە و بێ بۆنە، هەوای "ئەی رەقیبی" لێ دەدا – جا کەسەکان پێیان خۆش بوایە یا نا بۆ ئەو گرنگ نەبوو. لە لایەکی ترەوە من خۆم لە نزیکەوە لێم بیستوە و لە هاتوچۆی ماڵی ئێمەدا لە بۆکان گوتوویەتی "من دیموکراتم". ئەرکی حیزبی دیموکراتی ئێرانە(هەر باڵ و لایەنێکی)، کە ئەو پەیوەندییە روون بکەنەوە بۆ ئەوەی بزانرێت گەلۆ لە رادەی لەیەنگریدا بووە یا ئەندامیەتی یا بەرپرسیایەتی... . روون بوونەوەی چۆنیەتی پەیوەندییەکە و رێکەوتی سەرەتای پەیوەندییەکان بۆ نووسینی ژین نامەی قالەمەڕە گەلێک گرنگن.

4. **لایەنێکی گرنگی دیکە لە هونەری قالەمەڕەدا،** : چەشنایەتی "Version"ی هەواکانیەتی واتە دەبێ شارەزایانی مۆسیقا و شمشاڵ سەرنجی ئەوە بدەن بۆ نموونە ئەگەر قالەمەڕە هەوای "خاڵەی ڕێبوار" ی لێداوە ئەو هەوایە هی کام ناوچە بووە؟ هی فەیزوڵڵابەگی لای بۆکان، هی موکریان یا هی کویێ؟ بە هەمان شێوە بەیتەکان و بۆ نموونە ئەو "لەشکریی"یەی ئەو بە شمشاڵ لێ دەدا لەگەڵ "لەشکریی" ناوچەیەکی وەک هەولێر جیاوازی چییە؟ تایبەتمەندییەکانی کامەن؟ لەم ڕێگەیەوە دەردەکەوێت کە قالەمەڕەی هونەرمەند چەندە "سوار"ی هونەرەکەی بووە و گەلۆ توانیویەتی ریوایەت و ڤێرژنی جیاجیای هەوایەکی تایبەت بە شمشاڵ بژەنێت یا تەنیا یەک ڤێرژنی لە هەر هەوایەک ژەندووە و ئەگەر وا بێت، ئەوە کام ڤێرژن بووە و هی کام ناوچە بووە؟ و کارتێکەریی کام ناوچەی لەسەر بووە؟ هەر لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانرێت رادەی بەربڵاو یا بەربەستکراوی پەیوەندییەکانی قالەمەڕە لەگەڵ گەلەکەی روون بکرێتەوە.

5. **لایەنێکی تری کاری لێکۆڵینەوە لە ژیانی قالەمەڕە** : ناسین و ناساندنی مامۆستا و قوتابییەکانیەتی. بەم کارە دەتوانرێت شوێنی کاریگەریی خەڵک و ناوچەی تایبەت لە خوڵقاندنی هونەرمەندەکەدا، هەڵبگیرێت و بزانرێت ئایا لە ماوەی ژیانیدا قوتابی یا قوتابییانێکی پەروەردە کردوە و هونەرەکەی لە کێدا درێژە پەیدا دەکات؟

6. **چەشنایەتی و جنسی شمشاڵەکەی،** : ژمارەی کۆنی شمشاڵ و ماوەی نێوان کۆنەکان و دەیان خاڵی بچووک بەڵام گرنگی لەو چەشنە هەن کە دەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی ژیانی مامۆستا قالەمەڕە سەرنجیان بدرێتێ.

بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە ژیننامەیەکی چڕوپڕ بۆ قالە مەڕە و مێژوویەکی ڕێک وپێک بۆ شمشاڵ و هونەری شمشاڵژەنی کوردستان دەنووسرێت.

ێادی قالە مەڕە شمشاڵژەنی ئەفسانەیی کورد زیندوو بێت!